رژیمی ئێران ۳۰۰ ملوێن دوڵاری داوە بە حیزبەاڵەی لوبنان

ڕۆژنامەی (شرق الاوسط) کە لە لەندەن چاپ دەکرێ ئاشکرای کرد رژیمی ئێران لە دوای شەڕی لوبنان ۳۰۰ ملوێن دوڵاری داوە بە حیزب اللە. ئەو ڕۆژنامە نووسی، ناوەندە سەربازیەکانی رژیمی ئێران کۆمەگەکانیان بە حیزب اللە زیاد کردووە. سوپای سپاسداران چاودێری بارهێنان و ڕاهێنانی حیزب اللە دەکا و گەاڵتەیێکی داڕشتووە تا حیزب اللە لە پێوەند بە فێر کردن و تیکنۆلۆژی دروست کردنی ئەو نەوعە چەك و تەقەمەنیانە. پێویستی بە یارمەتی نەمینێ. ڕۆژنامەی (شرق الاوسط) باس لە پڕو پاگەندەی رژیمی ئێران دەکا بۆ حیزب اللە و دەنووسێ لە شەڕی ڕابردووی لوبنان، وێنەکانی حەسەن نەسراللە لە هەموو شوێنێکی ئێران بڵاو کرابۆوە. لە ڕێگەی فرۆکەخانە تا ناوەندی شاری تاران لە هەموو شوێنێك وێنەی حەسەن نەسراللە هەڵواسرابوو. تەنانەت لە دەفتەری ئەحمەدی نژاد و خانووی خومەینی لە تاران وێنەکانی حەسەن نەسراللە بە دیوارەکانەوە نرابوون.

علی ئەکبەری موحتەشەمی کە یەکێك لە دامەزرێنەرانی حیزب اللەی لوبنانە، دەڵێ: حسن نصرالله جێ و شوێنی دیاری لای خامنەیی هەیە و ئەو زەردە خەنەیەی کە خامنەیی لە چاو پێکەوتن لەگەڵ حسن نصرالله لە ڕووخساری دەنیشێ لە چاوپێکەوتن لەگەڵ هیچ کەسی دیکە لێی نابیندرێ.

شرق الاوسط، زیادی کرد ئەو یارمەتیە بە حەسەن نەسراللە دەدرێ بە ناڵ و گۆڕ لە دەولەتەکانیش گۆڕانی بەسەردا نایێ و تەنیا دوای کۆتایی هاتنی جەنگ لە لوبنان رژیمی ئێران ۳۰۰ ملوێن دوڵاری داوە بە حیزب اللە، چونکە حەسەن نەسراللە نوێنەری شەرعی خامنەیی لە لوبنانە.

یاسای ئابلوقە سەپێنراوەکانی سەر رژیمی ئێران

بەپێی یاسای ئابلوقە سەپێنراوەکانی سەر رژیم، ئەمریکا دەتوانێ نەتەنیا شیرکەتە ئەمریکاییەکان بەلکوو شیرکەتە دەرەکیەکانیش کە لەگەڵ رژیم موعامەلە بەرادەی ۲۰ میلیۆن دولار دەکەن، سزا بدات. لیپرسراوانی بەرزی ئەمریکا نیزیك بەمانگیك بەر لەئیستا، وریاییان دایە شیرکەتی وزەی اوام فاوو دەولەتی ئوتریش کەلە پێوەند بە یاسای ئابلوقەکان پێبەندبن. لەمانگی ئاوریلی ئەمسالدا، شیرکەتەکانی نەوتی ئێران سێ ریکەوتنیان لەگەڵ شیرکەتی اوام فاو(MOV) ی ئوتریش بۆ دەرهێنان و کەلك وەرگرتن لەفازی۱۲ی مەیدانی گازی پارسی باشوور واژو کرد. دەگوترێ کە نرخی ئەو ڕێکەوتنە، ۳۰ میلیارد دولارە. بەپێ ئەو یادداشتە، شیرکەتی ئوتریشی (اوام فاو) هەروەها لە بەرهەم هینانی گازی خاو لەگەڵ شیرکەتی پترو پارس ئێران هاوکاری دەکات و بەشیك لەگازی بەرهەم هاتوو لە ڕیگەی لوولەی گواستنەوەی گازی نوبوکو لەناوەندی تورکیە وەردەگیردرێت. هەرئیستا لەنیوان نوێنەرانی شیرکەتی اوام فاو و لیپرسراوانی ئوتریش و ئەمریکایی ووتووێژ لە ئارادایە. شیرکەتە دەرەکیەکانی دیکەی وەکو شیرکەتی هولەندی شل و ریسولی ئیسپانیا و توتالی فەرانسە لە پێوەندی لەگەڵ موعامەلە تیجاریەکانی ئەو شیرکەتانە لەگەڵ رژیمی ئێران، کەوتوونەتە ژێر فشاری ئەمریکاوە.

گرتنی ژنان بەبیانوی نەبونی حیجاب لە تاران پەرەی سەندووە

بە پێی ڕاپۆرتەکان لە شاری تارانەوە، مەئمورانی لیباس شەخسی و ئینتزامی رژیمی ئیسلامی، شەپۆلێکی نوێی لە گرتنی ژنان بە بیانوی نەبونی حیجاب لە تاران دەستپێکردووە.

ڕاپۆرتەکان باس لە وەدەکەن کە لە ماوەی ڕابردودا، زیاتر لە ۲۵۰ ژن و کچی الو لە ناوچە جۆراو جۆرەکانی شاری تاران دەستگیر و ڕەوانەی ناوەندە ئەمنیەتیەکانی رژیم کراون.

هەندێ لە هەواڵەکانیش باس لە لێدان و بێحورمەتی بە ژنانێك دەکەن کە کاتی گیران لە لایەن هێزەکانی رژیمی ئیسلامیەوە، خۆڕاگریان کردوە.

لە لایەکی دیکەوە، مەئمورانی لیباس شەخسی رژیمیش لە شەقامە قەرەباڵغەکانی شاری تاران دا خاڵی پشکنینیان داناوە و دەستیان داوەتە پشکنینی ئۆتۆمبێلە شەخسیەکان.

***

کاریگەری تەحریمەکان لەسەر ئێران

لە کاتێك دا کە زۆربەی بەرپرسانی رژیمی ئێران تا ئێستا باس لە بێ ئاکامی تەحریمەکان دەکەن، وەزیری نەوتی رژیم سەلماندی کە تەحریمی ژمارەیێك لە بانکەکانی ئێران بۆتە هۆی ئەوە کە دابین کردنی پێداویستیە مالیەکانی ژمارەیێك لە پرۆژەکانی نەوت و گاز لە ناوخۆ تووشی کوسپ بوون . (وەزیری هامانە)، وەزیری نەوتی رژیم لە پەراوێزی کۆبوونەوەیێك بە بۆنەی ڕێز گرتن لە ڕۆژی جیهانی ژن لە کۆبوونەوەی کارمەندانی ژنی وەزارەتی نەوت ئەو ڕاستیەی سەلماند. وەزیری نەوتی رژیمی ئاخوندی ووتی قەرارە بۆ چارسەر کردنی ئەو کۆسپانە دەوڵەت لە شوێنی ئیعتباراتی ناوخۆ و حیسابی پاشکەوتی ئەرزی کەڵك وەرگرێت. جێگەی باسە کە بەرپرسانی رژیم بەردەوام باس لە نەبوونی کاریگەری ئابلوقەکان دەکەن. سەررەرای ئەوەش بەلەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە رژیمی ئێران لەسەر هەڵوێست وچالاکیە ئەتۆمیەکانی پێداگرە، لێپرسراوانی وەڵاتانی ئەندامی شورای ئەمنیەت باس لە پەسەند کردنی بڕیارنامەیێکی نوێ دەکەن کە لە دوو بڕیارنامەکەی پێشوو توندتر و بەربڵاوتر دەبێ.

هەواڵەکانی کوردستان

کۆژران و بریندار بوونی ٤ کەس بە هۆی تەقە کردنی هێزی ئینتزامی

هێزە بە ناو ئینتزامیەکانی رژیم ڕۆژی ۱۳۸٦/٤/۱۳ لە جادەی نێوان سەردەشت ـ مەهاباد کەسێکیان بە ناوی تەیموور باشان، خەڵکی گوندی گەولانی سەردەشت، کە لە مەهابادەوە بەنزین و گازائیلی بۆ سەردەشت دەبرد، دایە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان و برینداریان کرد.

لە کاتی دەرباز بوونی ماشینەکەی لە ماشینێکی دیکە دەدا و بەداخەوە کەسێك بە ناوی حوسێن، خەڵکی مەهاباد و دوو ژن لە موسافیرەکانی ماشینەکە دەکوژرێن.

***

تێکهەڵچوونی لاوانی سەقز لەگەڵ هێزی ئینتزامی

ڕێکەوتی ۱۳۸٦/٤/۱۵، ژمارەیێك لە لاوانی شاری سەقز لەگەڵ هێزە بە ناو ئینتزامیەکانی رژیم دەرگیر دەبن.

هێزی ئینتزامی هێرش دەکەنە سەر لاوەکان بە باتون و قۆناغە تفەنگ لێ یان دەدەن. لە ئاکامی ئەم تێك هەڵچوونەدا چەند کەس لە لاوان گیراون.

***

دەر کردنی هەوارچیەکان لە ماکۆ

شواری دابین کردنی ئاسایش ژمارەیێکی زۆر لە مەڕدار و هەوارچیەکانی کوێستانەکانی ناوچەی ماکۆی دەر کردوە. ئەو هەوارچیانە چەندین ساڵە بۆ بەخێو کردنی مەڕ و ماڵاتەکانیان ڕوویان لەو کوێستانانە کردوە. بەاڵم رژیمی ئاخوندی بەو بڕیارەی ڕێگەی پەیدا کردنی بژێوی ژیان و حەوانەوەی مەڕ وماڵاتی ئەو ژمارە خەڵکە حەستەم کردوە.

***

بێ هەواڵ بوون لە وەزعی چوار زیندانی مەریوان

کەس و کاری چوار زیندانی بە ناوەکانی سابیر، ئومێد، کاوە و عوبێد زارعی، خەڵکی جانەوەرەی مەریوان کە پێشتر لەلایەن هێزە ئەمنیەتیەکانی رژیمەوە گیرابوون، بۆ ئاگادار بوون لە وەزعیان سەردانی ئیتلاعات و دام و دەزگا سەرکوتگەریەکانی رژیم دەکەن. بەاڵم وەاڵمیان نادرێتەوە و بەرەو ڕووی هەڕەشە دەبنەوە.

***

کۆژرانی کەسێك بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی بانە

لە ماوەی ڕابردوو کەسێك بە ناوی سۆران کوڕی ڕەسوڵ بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچەی سوورکیوی بانە کۆژرا.

ناوچە سنووریەکان بەتایبەت ئەو شوێنانەی مەیدانی جەنگ لە نێوان ئەرتەشی عێراق و ئێران بوو، پڕە لە مین و هەر چەند ماوە کەسانی بێ تاوان و کاسبکار لە ناوچەکانی کوردستان بە هۆی تەقینەوەی مین دەکوژرێن.

***

بانگ کردنی ۱۵ لاوی شاری بانە لەلایەن دادگای رژیم لە شاری سەقز

ڕۆژی چواری پووشپەر، دادگای ئینقلابی رژیم لە شاری سەقز، ۱۵ کەس لەو کەسانەی لە نارەزایەتیەکانی ساڵی ڕابردووی شاری بانە بەشداریان کرد بوو، بانگ کرد و دوای بازجۆیی و لێپرسینەوە، ژمارە تەلەفوون و ئادرەس و شوێنی ژیانیان لێ ئەستاندوون.

بە پێی هەواڵی گەیشتوو، بەو کەسانە گوتراوە کە دەبێ سەفەر نەکەن و لە ئێستا بە دواوە ئیدارەی ئیتلاعاتی رژیم بە پەروەندەکانیان و ڕابردوویان ڕادەگا و لەگەڵیان ڕووبەروو دەبێ.

ئەو مەوزوعە بۆتە هۆی مەترسی لاوەکان، و بە هەڕەشە لە دژی خۆیانی دەزانن.

***

کۆژران و بریندار بوونی ۲۰کەس لە هێزەکانی سوپای پاسدارانی رژیمی ئاخوندی

ڕۆژی جومعە ۲۹ی پووشپەڕ سوپای پاسدارانی رژیمی ئاخوندی لە بەیانیەیەك دا ڕایگەیاند، بە هۆی شەڕ و پێکدادانی نێوان هێزەکانی سوپای پاسداران و چەکدارە نەناسراوەکان لە باشووری ڕۆژهەاڵتی ئێران ۱۱ کەس لە هێزەکانی ئەم سوپایە کۆژراون.

ئەم شەرو پێك دانە لە ناوچەی" کورین" لە کوێستانەکانی "شورو" لە ئوستانی سیستان و بلوچستان ڕووی دا کە تێیدا ۹کەسی دیکە لە هێزەکانی سوپای پاسداران بریندار بوون.

هەروەها لەم بەیانیەدا هاتووە کە، لەم تێکهەڵچونەدا ٤ کەسی چەکدار کۆژران و ۷ چەکداری دیکەش بریندار بوون.

تەقینەوەی مین لە ئوستانی ئیلام ۲ کۆژراو و ٤ بریندار لێدەکەوێتەوە

ڕۆژی چوارشەمە ۲۷ی پووشپەر، بەهۆی تەقینەوەی مین لە نزیك شاری" دهلوران "لە ئوستانی ئیلام ۲ کەس دەکوژرێن و ٤ کەسیش بریندار دەبن.

قوربانیانی ئەم ڕووداوە ئەندامانی تیمێکی پووچەڵ کردنەوەی مین بوون کەخەریکی پاك کردنەوەی ناوچەی مین ڕێژکراوی"چەمسەری "لەنزیك شاری" دهلوران "بوون.

بەپێی ئەو ئامارەی کە ناوەندە دەوڵەتیەکان ڕایانگەیاندووە، ئێستا ۱ملیۆن و ۷۰۰ هەزار هێکتار لە زمینەکانی ئوستانی ئیلام بەمین چێندراون.

کردەوەی تڕۆریستی لە شاری کەرکوك بە توندی مەحکوم دەکەین

ڕۆژی دووشەمە ۲۵ی پووشپەڕ دوو تەقینەوەی بە هێز شاری کەرکوکی هەژاند کە لە ئەنجامی ئەو کردەوە تڕۆریستیەدا، زیاتر لە ۷۰ کەس شەهید بوون و هەروەها زیاتر لە ۱۵۰ کەس بریندار بوون.

ئەو کردەوە تڕۆریستیانە، ڕۆژی دوو شەمە و تێکڕای کردەوە تڕۆریستیەکانی چەند ڕۆژی ڕابردوو، لەگەڵ هێرشی تڕۆریستان لە سنووری شاری پێنجوین، کە ۷ پۆلیسی پاسەوانی سنوور کوژران، دەر خەری ئەو ڕاستیەن دژمنانی ئازادی و دیموکراسی بە تەواوی توانایان هەوڵ دەدەن، ڕێگە لە دامەزراوی لە عێراق و جێ بە جێ بوونی مادەی ۱٤۰ بگرن.

بێ گومان رژیمی ئاخوندی ئێران، یەکێك لەو ڕژیمانەیە کە ڕاستە و خۆ، پشتیوانی و هاوکاری هەمە لایەنەی تڕۆریستان دەکا، و هەوڵ دەدا وەزعی عێراق شێواوتر بکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، هاوبەشی غەم و پەژارە و ماتەمی کەس و کاری شەهیدانی ئەو کردەوە تڕۆریستیە دەکا و لە خودای گەورە داواکارە شفای بریندارەکان بدات، هەروەها بە توندی کردەوەی دڕندانە و تڕۆریستی بۆ سەر خەڵکی بێ تاوانی شاری کەرکوك مەحکوم دەکا.

سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران

٢٤ی پووشپەڕی ۱۳۸٦

موخالەفەتی ئەمریکا لەسەر ریکەوتنی "گاز" لەنێوان ڕژیمی ئێران و تورکیە

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕۆژی دووشەمە۲۵ی پووشپەر، لەگەڵ ریکەوتنی سەرەتای نیوان تورکیە و رژیمی ئاخوندی بۆ ناردنی گازی سروشتی ئێران و تورکەمنستان بۆ ئوروپا لەریگەی تورکیەوە موخالەفەتی کرد. کاترین شالو، گوتەبێژی بالویزی ئەمریکا لە تورکیە گوتی: بەسەرنج دان بە ئابلوقە سەپینراوەکان لەدژی ئێران لەمەر گەاڵلە ئەتومیەکەی، واپێ دەچێ متمانە نەکردن بە رژیمی ئێران وەکو سەرچاوەیێك بۆ هەناردەی گاز عاقڵ نەبیت. ریکەوتن و هاوکاری بەربڵاو لەبارەی ووزەی نەووت و گاز لەنیوان رژیمی ئێران و تورکیە، ڕۆژی شەمە لە ئانکارا پیتەختی تورکیە لەلایەن کازم وەزیری هامانە وەزیری نەوتی رژیمی ئاخوندی و حیلمی گولر وەزیری وزە و سەرچاوەی سروشتی تورکیە واژوکرا. ریکەوتن لەنیوان رژیمی ئاخوندی و تورکیە هەروەها بریتیە لە هاوکاری کردن لەبارەی پەرەپیدانی ناوچە گازیەکانی عسلوو دریژەی ڕەوتی بازرگانی نەوتی نیوان دووەاڵتە. بەپێی ئەو گەاڵلە، گازی ئێران بۆ ئوروپا لەچوارچیوەی ئاباکو کە ئوروپاش پشتیوانی لی دەکا دەنیردرێ. ئاباکۆ، گەاڵلەی هیلی لوولەی ۳۳۰۰کیلومیتریە کەگازی ڕۆژهەاڵتی ناوەراست و ئاسیای ناوەندی پێ دەگاتە ئوروپا و لەریگەی تورکیە و بالکان ئەنجام ئەدرێ. ریکەوتنی نیوان رژیمی ئێران و تورکیە، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی گەاڵلەی ئاباکۆ. بەوکارە گازی پێویست بۆ بەریوەبردنی ئەوگەاڵلە ٤،٦ میلیارد دولاریەی ئاباکۆ کە جیگەی پشتیوانی یەکیەتی ئوروپاشە، دابین دەکرێ. تورکیە ئیستا گازی هاوردەی خۆی لە ئێران و لەریگەی تەوریزەوە بۆ ئانکارا دەنیرێ. ئەوکارە لە دسامبری۲۰۰۱ سەرەرای موخالەفەت کردنی وەاڵتە یەکگرتووەکانی ئامریکاش دەستی پیکردوە.